# سه رۆكى هه رێم له نێوان هه ڵوێست و زمانى هه ڵوێستدا

شێرزاد خه راجيانى

چه ند ڕۆژێكه (پۆستى سه رۆكى هه رێم)، كێشه و ناكۆكى نێوان پارتى ديموكراتى كوردستان و يه كێتى نيشتمانى كوردستانه . كه ئاساييه دوو تێڕوانينى جيا هه بێت بۆى به وپێيه ى بابه تى نێوان دوو لايه نه. بۆ خوێندنه وه ى بابه تێكى گرنگى وا ده بێت بۆ سه ره تاى سه رهه ڵدان و درووست بوونى بگه ڕێينه وه.

هه ر ئاگادارێكى ڕه ووشى كوردستان ده زانێت ، له يه كه م سه ردانى(گارنه ر) بۆ كوردستان له سلێمانى ، به هه ردوو سه ركرده ى كوردى گووتبوو: دوو پۆستى به رزبۆ كورد دانراوه ، كه يه كێكيان له به غدا و دووه ميان له كوردستانه.

كاتێكيش به ڕێز مام جه لال ، پرسيارى سه رپشكردنى له به ڕێز كاك مه سعوود كردبوو،كاك مه سعوود پۆستى كوردستانى هه ڵبژاردبوو... كه واته دابه شكردنى هه ردوو پۆستى (سه رۆكى عێراق) و ( سه رۆكى هه رێم)،به ڕێكه وتنى هه ردوولا ( يه كێتى وپارتى) بووه. ئاشكراشه به ڕێز مام جه لال كه بووه يه كه م سه رۆكى( كوردى عێراق) به هاوكارى و ڕێكه وتنى نێوانيان بووه.

كاتێكيش به ڕێز كاك مه سعوود ده بێت به سه رۆكى هه رێم ، كه هه ردوولايان (پارتى و يه كێتى) ڕێك بكه ون وهاوكارى يه كتر بن.

پرسيارى گرنگ ئه مه يه : ئايا له ساتێكى وا مێژووى و چاره نووسسازدا،ڕۆشنبيرانى كوردستان ده توانن به زمانى ديالۆگ و شارستانيانه ، هه ڵوێستى خۆيان ده رببڕن به بێ ئه وه ى جوێن بده ن و كه س بريندار نه كه ن.

به و پێيه ى ئه نجامى هه ڵبژاردنه كانى په رله مان و شاره وانيه كانى كوردستان ده ريخست ( يه كێتى و پارتى ) زۆربه ى ده نگه كانيان هێناوه، بۆيه خه ڵكى كورد

دابه ش ده بن به سه ر هه ردوو پرۆژه كه دا. ئه مه ش مافى سرووشتيى ديموكراسيه.

ئيمرۆ ديموكراسى ئه و ئه دره سه يه كه هه موومان به ئه دره سى ماڵى خۆمانى ده زانين، بۆيه هه رپرۆژ ه يه ك ده سه ڵاته كانى دامو ده زگاى هه ڵبژێراوى وه كو په رله مان وحكومه تى يه كگرتووى هه رێم( گه ر چێ بێت) كه م و دياريكراو بكات،ئه وه نده له ديموكراتى دوور ده كه وينه وه و ئه زموونى 14 ساڵه شمان ده خه ينه ژێر پرسيارى دۆست و دوژمنه زۆره كانمان . هه ر هه ڵبژاردنێك گه ر له نێوان دوو لايه ن يان زياتر ، يان 2 سه ركرده يان زياتر نه بێت ، ئه وا پرۆسه كه ى ڕه وايى ( وه ك چه مكى ديموكراتى)نابێت.

به لام ئيمرۆله دۆخى كوردستانى باشوور ( هاوكارى و به يه كه وه كاركردنى) پارتى و يه كێتى ، ئه وا بارێكى تاك پارتايه تى يان تاك ديكتاتۆرى يانه نيه.

هه ڵوێست وه رگرتن له هه ر مه سه له يه كى په يوه ست به نه ته وه كه مان ئه ركى هه موومانه، و ده بێت دروشمه كانى هه ڵبژاردن بيرى سه ركردايه تى ڕاميارى كوردستان بخه ينه وه به وه ى ئايا چه مكى ديموكراتى كوردى هه مان

چه مكى باوى جيهانى يه، يان ديموكراتيش مان هه يه وه ك خواردنه كوردى يه كانى تر...؟كێشه ى ئه مجاره ى ( پۆستى سه رۆكى هه رێم) ئه زموونێكه بۆ هه موان، و

به تايبه ت ڕۆشنبيران له نێوان هه ڵوێست و زمانى هه ڵوێستدا.